Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار (Carer Support Payment)

**بڕە پارەی پشتگیریی سەرپەرشتیار چییە؟**

لە سکۆتلەند، بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار جێگەی دەرماڵەی سەرپەرشتیار لە بەشی کارو خانەنشینییەوە (DWP) دەگرێتەوە. بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار بڕە پارەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی کەسێک دەکەن کە کەمئەندامە یان دۆخێکی تەندروستی درێژخایەنی هەیە.

**کێ دەتوانێت داوا پێشکەش بکات؟**

بۆئەوەی شیاو بێت، سەرپەرشتیارێک دەبێت

- تەمەنی 16 ساڵ یان زیاتر بێت
- 35 کاتژمێر یان زیاتر سەرپەرشتی بێ بەرامبەر لە هەفتەدا بۆ کەسێک فەراهەم بکات لە هەر تەمەنێکدا بێت کە هەندێک دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی دیاریکراوی کەمئەندامی وەربگرێت
- تێکڕا 196 پاوەن یان کەمتر لە هەفتەدا وەربگرێت دوای هەندێک داشکاندن

**ئایا بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار چەندەیە و کەی ئەوە دەدرێت؟**

بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار 83.30 پاوەنە لە هەفتەدا یان 333.20 پاوەنە هەر 4 هەفتە جارێک.

**ئایا دەتوانم بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار وەربگرم ئەگەر کار بکەم؟**

ئەو سەرپەرشتیارانەی کە کارێک دەکەن و کرێی لێ وەردەگرن شانبەشانی ڕۆڵەکەیان وە سەرپەرشتیار دەکرێت شیاو بن ئەگەر 'ئەو بڕە پارەیەی کە دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە' لە 196 پاوەن کەمتر بێت لە هەفتەیەکدا.

ئەو بڕە پارەیەی کە دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە' بڕە پارەیەکە دوای داشکاندنی باجی دەرامەت (income tax)، دڵنیایی نیشتمانی (National Insurance) و هەندێک تێچوو، لەنێوانیاندا هەندێک تێچووی سەرپەرشتی و بەشداریی خانەنشینی. ئەگەر 'ئەو بڕە پارەیەی کە سەرپەرشتیارەکە دەیباتەوە بۆ ماڵەوە ' هەندێک جار لە 196 پاوەن زیاتر بێت و هەندێک جار کەمتر، ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند (Social Security Scotland) دەتوانێت ئەوە دەربکات کە تێکڕای ئەو بڕە پارەیە چەندە کە دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە.

**ئایا کەسێک دەتوانێت بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار وەربگرێت ئەگەر ئەو دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی دیکە وەربگرێت؟**

خەڵک دەتوانن بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار لە هەمان کاتدا وەربگرن کە دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی دیکەش وەردەگرن. ئەگەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ێک وەربگرن کە 'سۆراخکردنی توانای دارایی'یان بۆ ئەنجام دەدرێت وەک یونیڤێرسەڵ کریدت (Universal Credit)، بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئەو بڕە دابنێت کە وەری دەگرن. ئەوان بە شێوەیەکی ئاسایی بەگشتی باشتر دەبن چونکە ئەوان دەتوانن بڕی زیاتر لەو دەستگیرۆیی (بەنەفێت)انەوە بەدەست بهێنن بەوەی کە سەرپەرشتیارن.

ئەگەر سەرپەرشتیارێک دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی 'جێگرتنەوەی دەرامەت' ی وەک پارەی خانەنشینی دەوڵەت یان 'شێوازی نوێی' دەرماڵەی کاردۆزینەوە و پشتگیری وەربگرێت، ئەوە لەوانەیە کاریگەری لەسەر بڕی ئەو پارەی پشتگیری سەرپەرشتیارە دابنێت کە ئەوان دەتوانن وەری بگرن.

ئەگەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکەیان بەهاکەی یەکسان بێت بە بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار یان لەوە زیاتر بێت، ئەوا لەوانەیە 'شایستەیی بنەڕەتی'یان هەبێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەوان هیچ بڕە پارەیەکی زیاتر لە بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیاردا وەرناگرن، بەڵام لەوانەیە بتوانن دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی زیاتر یان سەربار بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکانی ئێستا وەربگرن، لەنێوانیاندا پارەی خانەنشینی.

**ئایا وەرگرتنی بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار کاریگەری لەسەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکانی ئەو کەسە دادەنێن کە سەرپەرشتی دەکرێت؟**

دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ی کەمئەندامیی ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی دەکرێت (لەنێوانیاندا بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ (TahomaChild Disability Payment). بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان (Adult Disability Payment)، بڕە پارەی کەمئەندامی تەمەنی خانەنشینی (Pension Age Disability Payment)، کەمئەندامی گەورەساڵانی سکۆتلەندا (Scottish Adult Disability Living Allowance)، دەرماڵەی ژیان بۆ کەمئەندامی گەورەساڵان (Attendance Allowance and Disability Living Allowance)، دەرماڵەی مانەوە لە ماڵەوە و دهرماڵهی ژیان بۆ کهمئهندامی) نابێت کاریگەرییان لەسەر دابنرێت بەهۆی ئەوەوە کە سەرپەرشتیارەکەیان بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار وەردەگرێت.

ئەگەر ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی دەکرێت پشکێکی کەمئەندامی سەخت وەربگرێت - بڕێکی زیادە کە لە هەندێک لەو دەستگیرۆیی (بەنەفێت)انەدا دانراوە کە سۆراخکردنی توانای داراییان بۆ ئەنجام دەدرێت - ئەوە لەوانەیە ڕابگیرێت ئەگەر سەرپەرشتیارەکەیان بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار وەربگرێت. ئەوەش لەبەر ئەوەی کە سەرەمووچەی کەمئەندامیی سەخت یارمەتی ئەوە دەدات کە تێچووەکانی سەرپەرشتی بگرێتەوە. ڕێساکانی سەرەپووچەی کەمئەندامی سەخت لەوانەیە ئاڵۆز بن، و گۆڕانکاری لە سەرەمووچەی کەمئەندامیی سەخت لەوانەیە کاریگەری لەسەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکانی تر هەبێت، بۆیە ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە داوای ڕێنمایی زیاتر بکەن.

**ئایا خوێندکاران دەتوانن بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار وەربگرن؟**

بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار بۆ سەرپەرشتیارانی زیاتر بەردەستە لە بواری خوێندندان وەک لە دەرماڵەی سەرپەرشتیار، ئەو دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەی کە جێگەی دەگرێتەوە. ئەو سەرپەرشتیارانەی کە تەمەنیان 16 ساڵ و زیاترە ئەگەر بەشێوەی پارت تایم بخوێنن دەتوانن بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار وەربگرن. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان 20 ساڵ یان بەرەوژوورە و بەشێوەی فووڵ تایم دەخوێنن ئەوانەش هەروەها شیاون بۆی. ئەو سەرپەرشتیارانەی کە تەمەنیان 16 بۆ 19 ساڵە و فووڵ تایم دەخوێنن لەوانەیە شیاو بن، بەگوێرەی جۆری ئەو کۆرسەی کە دەیخوێنن و بارودۆخی ئەوان.

سەرپەرشتیارەکان بەشێوەیەکی ئاسایی ناتوانن بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار وەربگرن ئەگەر لە خوێندنگەی دواناوەندی یان کۆلێج بەرنامەی نیشتمانی یان بەرزتر بخوێنن. ئەوان لەوانەیە شیاو بن ئەگەر بتوانن دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی دیکە وەربگرن، وەک یونیڤێرسەڵ کریدت، لەکاتێکدا کە بەشێوەی فووڵ تایم دەخوێنن.

**پشتگیری دارایی زیاتر**

ئەو سەرپەرشتیارانەی کە بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار لە ڕێکەوتێکی دیاریکراودا وەردەگرن، هەروەها بڕە پارەی تەواوکاری دەرماڵەی سەرپەرشتیاریش وەردەگرن. ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەدرێت.

**خەڵک چۆن داوا پێشکەش دەکەن؟**

خەڵک دەتوانن زانیاری زیاتر بەدەست بهێنن و لەسەر ئینتەرنێت داوا پێشکەش بکەن لە **mygov.scot/carersupport**. خەڵک هەروەها دەتوانن بەشێوەی کەسی یان لەسەر تەلەفون داوا پێشکەش بکەن یان داوای داوانامەیەکی وەرەقە بکەن بە پۆست لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بەبێ بەرامبەر بۆ **0800 182 2222**

پشتگیری بۆ داوا پێشکەشکردن لە لایەن ڕاوێژکارانی بەتایبەت ڕاهێنراوی خزمەتخوازی ئێمەوە لە هەر یەک لە دەسەڵاتە خۆجێیەکان لە سکۆتلەند بەردەستە. سەرپەرشتیارەکان دەتوانن تەلەفونمان بۆ بکەن بۆ دانانی وادەیەک لە شوێن و کاتێک کە بۆ ئەوان لەبارە ئیتر لە ناوچەکەی خۆیاندا بێت یان لە ماڵەوە، لەڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆییەوە یان بە تەلەفون.

**پشتگیری دیکە بۆ سەرپەرشتیارەکان**

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یارمەتی بۆ سەرپەرشتیاران، بچۆرە سەر **mygov.scot/help-for-carers**

**خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفونمان بۆ بکە: 0800 182 2222

خزمەتگوزاری گواستنەوەی تێکست: 4000 244 0300 + 18001 (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی هێمای بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot

**فۆلۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند**
**(Social Security Scotland) بکە**